ترمپ سوپاسی سەرکردایەتیی ئێران دەکات: ڕێز لە هەوشاندنەوەی لەسێدارەدانەکان دەگرم

دۆناڵد ترمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پەیامێکدا سوپاسی بەرپرسانی باڵای ئێرانی کرد، ئەمەش دوای ئەوەی بەیاری لەسێدارەدانی سێتان خەپەشاندێری دەستگیرکراویان هەوەشاندەوە.

ڕۆژی هەینی 16ی کانوونی دووەمی 2026 ترمپ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی (Social Truth) پۆستێکی بڵاوکردەوە و تێیدا نووسیویەتی، "زۆر ڕێز لەو ڕاستییە دەگرم کە تۆواوی ئەو لەسێدارەدانانەی بەیاربوو دوێنێ جێبەجێ بکرێن (کە زیاتر لە 800 کەس بوون)، لەلایەن سەرکردایەتیی ئێرانەوە هەوەشێندرانەوە."

سەرۆکی ئەمریکا پەیامەکەی بە وشەی "سوپاستان دەکەم!" کۆتایی پێهێناوە.

ئەم لێدوانەی ترمپ دوای ئەوە دێت کە بەهۆی ناڕازایەتی و خەپەشاندانەکانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی ئێران دەستگیرکران و مەترسیی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لەسەریان هەبوو، بەڵام بەپێی قسەکانی ترمپ، تاران لەو بەیارە پاشگەز بووەتەوە.